لە پەنجەرەی هەڵوێستەوە... پەشێو، وەک مرۆڤ

خەمی (پەشێو) دوو بارتەقای مەینەتییەکانی کورد و وڵاتەکەی، خەمی خودی مرۆڤ خۆی و بەهاکەیەتی لە ئاستی دونیادا

لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاه و هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێ بگرێ، من بەرقی تێ دەگرم
– مەحوی –

نووری بێخاڵی



هەولێر لە مێژووەوە بۆ مرۆڤبوون

ئەوانەی هەولێر هەر بە قەڵا و منارە و ئیبن مستەوفی و سوڵتان موزەفەر دەناسنەوە، پێدەچێ هێشتا هەولێریان وەک پێویست نەناسیبێت.. هەر بۆ نموونە لەناو دەیان ناوی درەوشاوەی دیکەی ئەم شارەدا، رەنگە (پەشێو)ی شاعیر وەک هەولێر زادەیەک، بۆ دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی کورد، قەڵایەک بێت پڕ شکۆتر لە قەڵا و لوتکەیەک گەلەکەتر لە منارە و منەوەرێک رووناکتر لە شەو چرا و ئیماندارێک پاکتر لە هەموو مونافیقەکانی ئەمڕۆ.

گرفتی (پەشێو) لەگەڵ ئاسنامەدا، پەیوەندیی بە تەنها شوێن و بوونێکی دیاریکراو و سنووردارەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ سەرزەمینێکە کە مرۆڤ تێیدا رۆژانە و بەناو و بیانوو و دەمامکی جیاوازەوە، لە بوون و بەهاکانی بێبەش دەکرێ و مرۆڤ بوونی دەدزرێ. ئەو گەورەتر لە بازنەیەکی جوگرافیی سنووردار بیری کردۆتەوە و دەکاتەوە، فراوانتر لە چوارچێوەی ئەسکی ئایدیۆلۆژی و ئینتمایەکی بەرتەنگ دەڕوانێ. خەمی (پەشێو) دوو بارتەقای مەینەتییەکانی کورد و وڵاتەکەی، خەمی خودی مرۆڤ خۆی و بەهاکەیەتی لە ئاستی دونیادا.

راستە کوردبوون تێکەڵی خوێنی بووە، بەڵام نەتەوەییەکی سەختگیر و شۆڤێنی نییە، وڵاتپارێزە، وەلێ سەرزەمینێکی بەختەوەر شک نابا، تا مرۆڤ تیایدا هێشتا دیلی دەستی مرۆڤ و نیشتمانی مرۆڤەکان دەسماڵێک بێت و لەناو تەپوتۆزی شایلۆغانی شاباشی سیاسیدا، ئەم دەست و ئەو دەستی پێبکرێ.

بێدەنگ هاتنەوە.. پڕبوون لە باوەش

(پەشێو) کە دێتەوە نیشتمان، بە تەنیا و بێ هەرا و هۆریا و دوور لە چاوی میدیا و پێشوازیی ماستاوچییەکان دێتەوە، چونکە دەزانێ لە سای لەشکری هەلپەرست و خەتیبی بارەگاکان و مجێوری خانەقاکانی بەناو نێوەندی رووناکبیری، بەشێکی هەرە زۆری میدیای کوردی و ئەو مەخلوقانەی چنگیان ناوەتە بیناقاقای رۆشنبیریی کوردی، میدیای ماستاوچێتی و کاراکتەری لە داوخستنی هەڵوێستن، میدیای کاوێژکردن لەسەر کۆی پرەنسیپ و بەها جوانەکان و نێوەندی کرینی دەنگ و رەنگی هەڤبێژن، نەک میدیای پیشەییبوون و هەڵوێست و بەرپرسیارێتی و نێوەندی داهێنان و نوێبوونەوە. بۆیەشە میدیایەک کار لەسەر کوێرکردنی هوشیاریی خەڵک و گەوجاندنی نەوەکان بکات، ئاوەندگەلێک تا سەرکەرمی خۆشیرین کردن بێ لە سەر حیسابی بردنەوەی گرەوی کرینی ویژدان و قەڵەم، گوناهێکی گەورەیە (پەشێو) لێیانەوە دەرکەوێ و پێشوازی بکرێ، چونکە بۆگەن دەبێ. بۆیە دوور لە چاوی میدیا و لە نێوەندەکانی شاباشکردنی وشە، لە ماڵێکی سادە، بە سادەیی و خاکی خۆی، سادەتر لە نیشتمانەکەی، ئاپۆرای گەنجان و دڵسۆزان دەڕژێنە سەری و باوەشی خۆشەویستیی پێدا دەکەن و ماچبارانی دەکەن. کەچی ئەو دڵی بەوەش ئاو ناخواتەوە و جانتای ژانی نەخۆشییەکانی هەڵدەگرێ و رۆژێک لە دەرگای کەرکووک دەدات و هاووڵاتییە بێنازەکانی بەسەر دەکاتەوە و رۆژێکی تر دەچێت و لەگەڵ گزنگ سەر بە سلێمانیدا دەکات و رۆژی دواتر دەچێتە بادینان و باوەشی برایەتیان پێدا دەکات.

زۆر لەوانەی هاوسەردەم و هاوپیشەی (پەشێو) بوون و کەمێکیش لەوانەی پێش و دوای ئەویش، بە تایبەتی زۆرێک لە چەپەکان، ئێستا لە سایەی کاوێژکردنەوەی بەری سفرەی ئیمتیاز، بوونەتە ریشسپیی نووسین و رۆژنامەگەری و خاوەنی دەزگا و دامەزراوەی بەناو رۆشنبیری و کولتوورین و بە لاگزیز و ئۆتۆمبێلی دیکەی دوا مۆدێل و ڤێللای ئامادەکراو، تا بە کێڵگە و پڕۆژەی وەبەرهێنان و کۆمپانیاش خۆیان با دەدەن

رۆشنبیریی ئیمتیاز و پەیامی نیفاق

(پەشێو) جیاواز لە زۆر لەو بەناو رۆشنبیرانەی دوێنێ، کە ئێستا کوردستانیان بە گوتارە پڕ لە نیفاقەکانیان تاریک داهێناوە، دوای راپەڕین و (ئێستاشی لەگەڵدا بێت)، نەک هەر دەیتوانی و دەتوانێ، بەڵکو هەموو لایەک سوپاسگوزاریشی بوون و دەبن، کە لە بەشە هەریسەی نیشتمانی بدەنێ، بەڵام چونکە سوورە لەسەر ئەوەی (بە پیریش پشتی نەچەمێتەوە)، ئامادە نەبووە و نییە، جگە لەو ئاوازەی خۆی دەیەوێ، بە ئاوازی کەسی تر بژەنێ! و چار چارەش بە دروشمگەلی فوڕاو و زمانی سەردەم دێن و رووی خۆیان لە مەجلیسان سپی دەکەنەوە، کەچی نەک بەشی سوتووی جگەرمیەک خزمەتی پەیامی ژیان و مرۆڤدۆستی و کوردبوون و نیشتمان و پرۆژەی رۆشنبیرییان نەکردووە و ناکەن، بەڵکو دوژمنایەتیی سەرسەختی هەموو ئەوانەش دەکەن، کە خاوەن هەڵوێست و پەیامی بەرزی نووسین و قەڵەمی هەقگۆ و راستبێژن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەشێک لەو بابایانە بوونەتە تۆڕ و تەپکە و تەڵە و قولاپی دەستی فلان حیزب و فیسارە ئایدیۆلۆژیا بۆ لە داوخستنی ئەوانەی هێشتا پاکیزەیی خۆیان لە ئاست خودی خۆیان و خوێنەرانیان و گەلەکەیان نەدۆڕاندووە.

هەموو لایەک سوپاسگوزاری پەشێو دەبوون و دەبن، کە لە بەشە هەریسەی نیشتمانی بدەنێ، بەڵام چونکە سوورە لەسەر ئەوەی (بە پیریش پشتی نەچەمێتەوە)، ئامادە نەبووە و نییە، جگە لەو ئاوازەی خۆی دەیەوێ، بە ئاوازی کەسی تر بژەنێ!

رۆشنبیریی مەراسیمەکان و رامیزی بارەگاکان

مەزنی و ئەمری ئەدیب و شاعیر و نووسەرێک بە ژمارەی کتێبەکانی نییە، وەک چۆن بەو دەزگا و دامەزراوە میدیایی و چاپەمەنییەوە نییە لە پشتیەوەیەتی، بەو لەشکرە مووریدە ئایدیۆلۆژییەش نییە پاهوی بۆ دەکەن، بەڵکو بەو سروشتی مرۆڤبوونەیەتی کە ئامادە نییە دەستبەرداری بێت.. بەو پەیامە ژیان و مرۆڤدۆستە بێ ریا و فرتوفێڵەیەتی، کە ئاراستەی دەکات و قوربانیشی لە پێناودا دەدات.

(پەشێو) نە کۆگایەک کتێبی چاپکراوی هەیە، نە حزبێک سەنگەری گەورەکردنی بۆ لێداوە، نە دامەزراوەیەکی میدیایی و چاپەمەنیش خەریکی گەورەکردنی وێنەکەیەتی، نە تەکیە و خانەقا و نە مووریدی ئایدیۆلۆژیشی هەن، ئەو تەنها بەو مرۆڤبوونەی خۆی، کە ئامادە نەبووە دەستبەرداری بێت هەر بە پێوەیە و بە پێوش دەمێنێتەوە.. رەنگە زۆر کەسی تر و لە ساتەوەختێکدا لە (پەشێو) جوانتر لەبارەی نیشتمان و نەتەوە و خیانەتەوە نووسیبێتیان، بەڵام چونکە تۆزقاڵێک لەگەڵ نووسینەکانیان راستگۆ نەبوون، چونکە ئیمتیازی پارە و ئۆتۆمبێل و خانوو و سەرۆکایەتیی دەزگا و وەزیفەی باڵا کوێری کردن، بۆیە نەبوونە ئەو کەسە.. لەوانەیە زۆرکەس پێشی ئەو، جوانتر و قوڵتریش لەسەر بێدادی و گەندەڵی و حزبایەتیی قێزەونی نووسیبێ، بەڵام چونکە هەوڵێکی هەلپەرستانەی خۆیان و نقورچەدانێک بووە لە دەسەڵات، بۆ ئەوەی بێدار بێتەوە و گۆشەیەکی رەحمەتی سفرەکەی خۆی پێیان رەوا ببینێ، چونکە وەک (پەشێو) راستگۆ نەبوون، هەر نەبوونە ئەو کەسە و تازەش هەر هیچ.

زمان و شووناس.. ئەمەکزانی و وەفا

لە کاتێکدا خەمی شێواندن و ئەتککردنی زمانی نەتەوەکەی، کە تاکە جیاکەرەوە و بەڵگەی جیاوازی شووناسی ئێمەیە لە بەرامبەرەکانمان، (پەشێو)ی پەرێشان و شەکەت کردووە و بارتەقای ژانەکانی نەخۆشییەکەی، ئازاری دەدات. ئەو دەمەی زمانی دایکی، خەریکە لەسەر دەستی زۆرێک لە بەناو ئەهلی قەڵەم و زمان خۆی، بە ئاگاییەوە باڵ دەکرێ و لە روخسار و ناوەرۆکی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە و لێرە هەڵ دەباچڕێ و لەوێ بە شتی نامۆ بارگاوی دەکرێ. لەو کاتەی هەندێک بەناوی خەمخۆری زمان و لە بنەڕەتدا بە مەبەستی گیرفان پڕکردن و خۆ بە سەنتەرکردنی دەسەڵاتی زمان دێن و ئەو زمانەی توخمێکی سەرەکی بوون و مانەوە و شووناسی نەتەوەییمانە، دەکەنە کاتینێکی عەجیب و قۆچ و دەست و پەل و قاچی عەنتیکەی بۆ دادەتاشن. لەناو ئەو گەرەلاوژەیەدا و دوور لە رێورەسمی رووکەشی ناو هۆڵ و بەردەم شاشەکان و دوورتر لە کەژاوەی کۆنفرانس و میهرەجان و فیستیڤاڵی پارە بە فیڕۆدان، (پەشێو) دێت و لە بن سایبانەیەکی سادەی باڵەکایەتی و لە بناری چیای (کۆخە) و لە گوندی (وەلژێ) سۆراخی پیاوێک دەکات، کە سەربازێکی ونی رێبازی کوردبوون و ئەمەکداری زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەیەتی، دێت و بە تەنیا، نە کەژاوەی لاگزیزی جام رەش، نە شۆفێری تایبەت و پاسەوانی مۆدێرن، نە جانتاهەڵگر و شار و شارۆچکە و لادێیەکی لاچەپی وڵاتەکەی، کە وەک شانەی هەنگ، پورەی گەنج دەوریان داوە، ئەوەی نوێ و خوێندەوار لەو مەترسییانە هۆشیار و بێدار دەکاتەوە، بە وردی پەنجە دەنێتە سەر برینەکانی زمان.

(پەشێو) کە دێتەوە نیشتمان، دوور لە چاوی میدیا و لە نێوەندەکانی شاباشکردنی وشە، لە ماڵێکی سادە، بە سادەیی و خاکیی خۆی، سادەتر لە نیشتمانەکەی، ئاپۆرای گەنجان و دڵسۆزان دەڕژێنە سەری و باوەشی خۆشەویستیی پێدا دەکەن و ماچبارانی دەکەن

(پەشێو) یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی نەمەکزان و بە وەفایە، بۆیە کە دێتەوە، دەچێتە سەر گۆڕی ئەوانەی رۆژگارێک مامۆستای بوونە و بۆ ئێمەش گەنجینەیەک داهێنانیان بەجێهێشتووە، دەچێتە سەر گۆڕی (مەحمود زامدار) و عوزر خوایی لێدەکا، کە بەر لە ماڵئاوایی، دەستی تەوقەی نەناوەتە دەست. دێت و دەچێتە ئەوبەری گوندێکی لاتەریکی دەلال، سادە و مینا میوانێکی ناوەخت سەر بە ماڵی (شێخمحەمەد باڵەک)دا دەکات و چوارمەشقی بە دیار یەکەوە چیرۆکی یەک یەک شوێن برینەکانی زمان دەگێڕنەوە، باس لەو مێرخاسانە دەکەن، کە بێ پاداشت و چاو لەدەستی، تا دوا ئاوزینگ خزمەتی زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەکەیان کرد و بێناز سەریان نایەوە، کەچی ئێستا خەڵکێک جگە لەوەی خەریکن لەسەر میراتی ئەوانە بۆ خۆیان کۆشکی ئیمتیاز قیت دەکەنەوە، هاوکات راست و چەپ.. شەلم، کوێرم، نابوێرم، کەوتوونەتە وێزەی زمان و بە زمانی رەوان و پاراویش پێمانی دەفرۆشنەوە.

پرسیاری زۆر لەم نێوەدا سەر هەڵدەدەن، بەڵام پرسیارێک کە دەمێکە بێ وەڵامە ئەوەیە: ئەرێ گەلۆ کورد و ئەزموونەکەی پێویستی بەو رۆشنبیرانەیە، کە هەر لە بەرپرسی ئەمنی دەچن، بە چاویلکەی رەش و ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز و پاسەوانەوە دێن و لەو خەڵکە کراونەتە ریشسپیی نووسین و رۆژنامەگەری، یان هەر لە بنەڕەتدا خودی عەقڵە حوکمڕانەکەی ئەم وڵاتە ئەو جۆرە کەسانەی دەوێن، ئەویش تەنها بۆ ئێزعاجکردنی خەڵک و تێکدانی میزاجی گشتی؟!